خاوەنی ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی
سەرنووسەر
بەختیار محەمەد
makhmur@yahoo.com

# دەنگی مەخموور

ژمارە (٣٣) رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت نرخ (٥٠٠) دینار هەینی ١٥ / ٧ / ٢٠١١ ٢٤ی پوشپەڕی ٢٧١١

## لەگەڵ ئەم ژمارەیە پاشکۆی (گـــوێڕ) بخوێنەوە




رۆژنامەی (دەنگی مەخموور) هەڵدەستێ بەبڵاوکردنەوەی چەند پاشکۆیەکی تایبەت، بۆ هەر مانگێك پاشکۆیەك تەرخان دەکات تایبەت بە شارەدێیەکانی مەخموور کە بریتین لە (قەراج و کەندێناوە و گوێڕ)، بۆ ئەم ژمارەیە پاشکۆی (گوێڕ) دەکاتە دیاری بۆ سەرجەم خوێنەرانی خۆشەویست کە کۆمەڵێك بابەتی هەمەجۆری لەبارەی شارەدێی گوێڕی لەخۆگرتووە.



موحسین شوانی:
## مەخموور لەدەرەوەی بازنەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنە
٣ ⬅



غەفوور مەخمووری:
## هەتا ساوار هەبێت برنج ناخۆم
٥ ⬅



عەبدولرەحمان ئادەم:
## با هەموومان پشتگیری یانەی مەخموور بکەین
٧ ⬅

### نوێنەری هەرێم لە لیژنەی ماددەی ١٤٠:
# تاکۆتایی ئەمساڵ زیاتر لە ٦٠ هەزار چەکی قەرەبوو دابەشدەکرێ

نوێنەری هەرێمی کوردستان لە لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ رایگەیاند، لە ٥ مانگی داهاتوودا چەکی قەرەبوو بەسەر ٦٠ هەزار خانەوادە لە ناوچەکانی کەرکووك و خانەقین و شەنگار دابەش دەکەین.

محەمەد ئیحسان کە هاوکات سەرۆکی دەستەی گشتیی ناوچە کێشەدارەکانە بەئاژانسی ئاکانیوزی راگەیاند، لە ٥ مانگی داهاتوودا لە کەرکووك ٣٠ هەزار خانەوادە سوودمەند دەبن لە چەکی قەرەبوو لەگەڵ ٣ هەزار خانەوادەی موتەفەریقە، هەروەها لە نووسینگەی شەنگار ٢٠ هەزار خانەوادە لەگەڵ ٥ هەزار خانەوادەی موتەفەریقە، لەسنوور خانەقینیش ٣ هەزار چەك دێتە دابەشکردن.

ئیحسان ئاماژەی کرد کە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ تەنها بریتی نییە لە بەخشینی پارەو چەکی قەرەبوو، بگرە چەند بڕیارێك هەن دەسەڵاتە باڵاکانی عێراق جێبەجێیان بکات، وەك گەڕانەوەی شارۆچکەو شارەدێیکانی بۆ سەر پارێزگاکانی خۆیان دەبێ بەفەرمانی سەرکۆمار بێ، هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕشی هەڵوەشێنراو لەلایەن




سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دەبێ، هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی لیژنەی بەناو "شیمال" لە دەسەڵاتی سەرۆك وەزیراندایە.

جێگەی باسە زیاتر لە ١٨ هەزار خانەوادە لەسنووری قەزای مەخموور (گوێڕو قەراج و کەندێناوە) مەشمولن بەقەرەبووی ماددەی ١٤٠، تائێستا نزیکەی ٧ هەزار هاوڵاتی چەکی قەرەبوویان وەرگرتووە.

ماددەی ١٤٠ یەکێکە لە ماددەکانی دەستووری هەمیشەیی عێراق کە بۆ چارەسەرکردنی ناوچە کێشەدارەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵیی عێراق دانراوە بە سێ قۆناخ جێبەجێ دەکرێ، یەکەم ئاسایی کردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانەو گێڕانەوەی ئاوارەو هاوردەکان بۆ شوێنی بنەڕەتیی خۆیان، دووەم سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان لەو ناوچانە بکرێ و لەقۆناخی سێیەمیشدا راپرسییەکی گشتی ئەنجام بدرێ بۆ یەکلاکردنەوەی ئەوەی ئاخۆ دانیشتوانی ئەو ناوچانە پێیان باشە بخرێنە سەر هەرێمی کوردستان یان راستەوخۆ سەر بە حکومەتی عێراق بن، بەڵام تائێستا قۆناخی یەکەمیشی جێبەجێ نەکراوە.

### بەهۆی خراپی رێگای (مەخموور- هەولێر)
## لەرووداوێکی هاتوچۆدا هاوڵاتییەك دەبێتە قوربانی

**کارزان غەمگین- مەخموور**

لەرووداوێکی هاتوچۆدا لەسەر رێگای سەرەکی نێوان (مەخموور- هەولێر) لەرۆژی ٢٠١١/٦/٣٠ هاوڵاتییەك دەبێتە قوربانی و هاوڵاتییەکی دیکەش بەسەختی بریندار دەبێت.

سەبارەت بەو رووداوە، (ئاری سەباح) فەرماندەی کەرتی پۆلیسی هاتوچۆی مەخموور، بە (دەنگی مەخموور)ی راگەیاند "کاتژمێر ٨ی بەیانی رۆژی ٢٠١١/٦/٣٠ هەواڵمان پێگەیشت کە رووداوێکی هاتووچۆ هەیە ئێمەش خۆمان گەیاندە شوێنی رووداوەکە، دوو گەلابە خۆیان لەیەکدابوو، یەکێك لەو ئۆتۆمبێلە بارهەڵگرە لەجۆری سکانیا رەنگی شین بوو کە تێیدا هاوڵاتی (خ.ئـ) گیانی لەدەستداو گەلابەی دووەمیش لەجۆری سکانیا رەنگی سپی، خاوەنی ئەو ئۆتۆمبێلە هاوڵاتی (م.ك) بوو"، ئاری سەباح لەبارەی وردەکاری ئەو رووداوە روونیکردەوە "ئۆتۆمبێلی یەکەم لەمەخموور دەچوو بۆ هەولێرو هی دووەم لەهەولێر دەگەڕایەوە و لەنزیك گوندی دێمەکار لەسەر رێگای (مەخموور- هەولێر) گەلابەی دووەم لەسایدی خۆی لادەدات و بەلای سەکن خۆی دەکێشێت بەلای شوفێری گەلابەی یەکەم و لەئەنجامدا شوفێر (خ.ئـ) گیان لەدەست دەدات و (م.ك) بەسەختی بریندار دەبێت، بەپێی پشکنینی هاتوچۆ هاوڵاتی (م.ك) سەرپێچی کردووە.

هەر سەبارەت بەو رووداوە ئەیوب جەوهەر ئەفسەر لەبنکەی پۆلیسی دیبەگە لەپەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا پێی راگەیاندین کە "لەو رووداوە هاوڵاتی (م.ك) تێیدا کەمتەرخەم بوووە و هۆکاری سەرەکی رووداوەکەش رێگاکەیە کە یەك سایدەو لێکۆڵینەوەش لەم رووداوە بەردەوامە".

جێگەی باسە بەهۆی خراپی و تەسکی رێگاکە بەردەوام رووداوی دڵتەزێن لەرێگای سەرەکی مەخموور- هەولێر روودەدات و تائێستا چەندین کەس بوونەتە قوربانی تەنها لەمانگی رابردوودا لەهەمان شوێن سێ هاوڵاتی دیکە بوونەتە قوربانی.

### پرۆژەی "پترۆدۆلار"
## سێ پارێزگاکەی هەرێمیش دەگرێتەوە




وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایگەیاند "لەئێستادا ئاستی هەناردەی نەوتی کێڵگەکانی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە (١٧٠) هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا".

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان راپگەیاند "لە ئێستادا ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە (١٧٠) هەزار بەرمیل لە رۆژێکدا و پێشبینی دەکرێت تا کۆتایی ئەمساڵ ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێم بگاتە (٢٠٠) هەزار بەرمیل". سەبارەت بە پرۆژەی نابۆکۆ، وەزیری سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم ئەوەی خستەڕوو، نابۆکۆ پرۆژەیەکی نێودەوڵەتی گەورەیەو لە ئێستادا لە قۆناغی جێبەجێکردندایەو چەند ساڵێك دەخایەنێت تا تەواو ببێت، بۆیە پێویست ناکات لە ناو عێراقدا بەتایبەتی لەلایەن هەندێك لە بەرپرسانی ناوەندەوە لێدوانی لەبارەوە بدرێت و باس لەوە بکرێت کە هەرێمی کوردستان ناتوانێت بەشداری پرۆژەکە بکات، یان هەر لێدوانێکی دیکەی لەو جۆر بدرێت". گوتیشی "ئێمە ئێستا لە عێراقدا سەرقاڵی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانی بواری نەوت و پیشەسازین".

سەبارەت بەپرۆژەی پترۆدۆلار، ئاشتی هەورامی ئەوەی خستەڕوو کە پرۆژەی پترۆ دۆلار شمولی هەموو عێراق دەکات بە هەر سێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانیشەوە و شمولی هەموو هاوڵاتییەکی عێراقی دەکات.

شایەنی باسە تائێستا دەڤەری مەخموور هیچ سوودێکی لەبڕیاری "پترۆدۆلار" وەرنەگرتووە، ئەگەرچی رۆژانە دەیان هەزار بەرمیل نەوت لەژێر خاکی مەخموور بەرهەم دێت، بەڵام بەهۆی نەگەڕانەوەی مەخموور بۆ سەر هەرێمی کوردستان و بایکۆتکردنی ئیدارەی مووسڵ لەلایەن لیستی برایەتی نەینەواوە، تائێستا دەڤەری مەخموور هیچ سوودێکی لەو بڕیارە وەرنەگرتووە.

## یانەی مەخموور دەبێتە پاڵەوانی خولی یانە پلە دووەکانی کوردستان
٧ ⬅



## بەڕێوەبەری پێشووی سایلۆی مەخموور دەستگیردەکرێت
٢ ⬅